# لەم ڕۆژگارە

## ئەحمەد دەشتی

لەم ڕۆژگارە هێندە سەخت و پڕ برینەم
هیچ ئاوازێ ، هیچ هەواڵێ شادم ناکات
تا دەڕوانم ئاسمانانم هەور و تەمە و
تەنیا جارێ لێوم بزەی وەدی ناکات
لەم غوربەت و دوورە دوورەم
گشت ژیانم زەقنەبووتە و
ئاسۆیەکی ڕوون نابینم
هەر لە بەیان کە واگادائێم
گشت هەوالی سیمایەکان گوێ لێدەگرم
لەناو ژوورو چاتەکانی ئەنتەرنێتا دەخولێمەوە
داخم ئەوەی  گوێم لێ دبەێ و
دەیخوێنمەوە و وەدی دەکەم
نەک بزەیێ لەناویاندا وەدی ناکەم
بەلکو هەمووی وەکو ژانی شیرپەنجەنە
بۆ منی کوردی دوورە وەڵات
لە ناو ڕەگ و شادەمارم دێن و دەچن
هەموو ژین و چاوەڕوانیم لێ تاڵ دەکەن
هیواکانی ئەم دەروونەی کوانانم
لەم ڕۆژگارە پڕ هەرەس و پڕ گریانەم
لەم غوربەتەی سالهام و تاراوگەیەم
وێلی دەریای بێ سنووری ژانەکان و
خەمی دڕی بێ دوا دەبم
ئاخر ئەوەی کەئارەزووی منی برین بوو
هەتا ئەمرۆش بی مرادو وێلی تەمە
هەرچەند تانەش لە خۆم دەدەم
کەمن هاوڕێی ساقیانی پڕ لە ناز بم



بۆ چەند ساتێ خەمەکانم  وەبابدەم

بەڵام داخم لە گەل کۆڕی فریشتانیش

کەوا پێکی شادمانی من هەل دەدەم

بە هیچ کلۆجێ خەمەکانم

لە ئاسمانی دەربەدەری بۆ وارەکەم

نابڕێنەوە و  بەرم نادەن

هەتاکو شەو بەئازاران دەخولێمەوە و

کەوا سەریش لە سەر سەرین دەنێمەوە

خەو لە چاوم هەردەمینێ و

هەتا بەیان لە چنگ خەمان دتوێمەوە

ئای کە ژینم پڕ گریان و خەم و ژان بوو

تف لە ڕۆژ و ڕۆژگاری دوون

تف لە ژینی ئاوارەیی و

بێ کیان و بێ ژیان و دووری چەتوون

*

بە یادی خەم وژیانی دووری و ئاوارەیی لە مێژینەم